www.kurdistannet.org
28-11-2005 20:16بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاگادارییەک لەگەلەری هونەری بابان سەبارەت بە پێشبرکێی کورتە چیرۆکی کوردستان نێت:

سەرباری دەست خۆشی زۆر مان بۆ کوردستان نێت و شەونخونی وماندوبونی کاك عومەر فارس بۆ بەرێوەبردنی ئەم پێشبرکێیە پیرۆزبایی لەسەرکەوتوانی پێشبرکێیەکە دەکەین وهاوکات هەروەك چۆن پێشنیاری ئەوەمان کرد وەك هەڵوێستێکی نەتەوەیی هاوکاربین بەکوردستان نێت وخەڵاتی سەرکەوتوانمان لەئەستۆگرت ئێستاش ئامادەین لەرێی کوردستان نێت وبەرپرسی کوردستان نێت ەوە خەڵاتەکان دابەش بکەین، هەروەك مژدەی ئەوەش بە بەشداربوانی ئەم پێشبرکێیە دەدەین کەئێمە ئامادەین سەرجەم کورتە چیرۆکەکان لە توێی کتێبێك دا چاپ بکەین ئەگەر کوردستان نێت بەپەسەندی بزانێت لەگەڵ هێشتنەوەی هەموو مافێك بۆ ئەم سایتە خۆشەویستەمان، وەك گەلەری هونەری بابان هاوکاری کردنی ئەم پرۆژانە بەراژەیەکی گەورە دەبینینیەوەدەبی هەموشمان لەقەبەڵی ئەم مەسەلە نەتەوەییەدا بین لەهەموو کایە مەعریفیە جیاوازەکاندا، هەروەك لەو کتێبەش کە چاپی دەکەین رێژەیەکی دیاری دەکەین دەیکەینە خەڵاتی ئەو 28 چیرۆك نوسە بەرێزەی بەشداری ئەم پێشبرکێیەیان کرد وبەپێی ریزبەندی سەرکەوتوانیش کتێبەکە دیاری ناکرێت، ئێمە لەکورتترین چیرۆکەوە دەست پی دەکەین کە (شقارتە) ی نوسەر ئامانج عەبدوڵا سوورە تادرێژترینیان کە چیرۆکی (نهێنیەك ئەم شارە نەخۆش دەخات) ی چیرۆك نوس (باوکی ئیمبراتۆر) ە کەلە لەچیرۆکە دیارەکان بوون بەدوو ئاقاری سیاسی ومەعریفی جیاواز، دواتریش ئامادەین لەکۆرێك دا بەئامادەبوونی بەرێز دکتۆر ئیحسان فوئاد راوێژکاری گەلەری هونەری بابان دواندن لەبارەی ئەم کورتە چیرۆکانە لەرێی سیمینارێکەوە بەئەنجام بگەیەنین تا جگە لەپرۆسەی دەنگدان لەلایەن ژمارەیەك لەپسپۆرانی ئەکادیمیەوە هەڵسەنگێنری وسەرەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنەش لەرێی هەمان سایتەوە ئاشکرا دەکەین بەریزبەندی... لێرەشەوە داوا لە سایتە خۆشەویستەکەی کوردستان نێت دەکەم کە بۆ راپەراندنیان هاوکاریمان بکات....

علی کمال
بەرێوەبەری گەلەری هونەری بابان